www.kurdistannet.org

19-9-2007 20:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەفەری دوور ... بەکرحەبیب

سەفەرمەکە بۆ جێم دیڵی شار بێ تۆ چۆڵەوانییە
ئەم ڕۆحەم بێئارام مەکە پاش تۆ ئێرە زیندانییە
دیدەم دووای تۆ بۆ کام میلی کاژێری ژووان بڕوانێ؟
جەستەم بۆچ بەردەبازێ خانەقایەک سەریدانێ؟
هەناسەم هەر لە ئیستاوە قورسییەک ڕێگەی گرتووە
چاوەکانم پێش سەفەرت تەمی گریانیان گرتووە
تازە چیدی دڵم بەرگەی ئەوینێکی تر ناگرێ
تیریهیچ پەرییەکی ئاسمان تیغی سینەکەم نابڕێ
ئاستەمە چیتر زمانم بۆ کەسی تر بێتەوە گۆ
بۆ جوانێکی تر ئامێزم بکرێتەوە بێجگە لە تۆ.

تێبینی
هەر ئازیزێک بیەوێ سوود لە هۆنراوەکانم ببینێ یان ڕەخنەی هەیە تکایە پەیوەندی بکات بەم ئەدرێسەوە.
habeb85@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.